

# میوانێکی درەنگ وەخت

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

بیست و ئەوەندە ساڵ لەمەوبەر، دەمەو ئێوارەیەکی ڕۆژێکی بەهاری وەک ئەمڕۆ، لە دەرگا درا، لەبەر ئەوەی بە تەنیا بووم بە دەگمەن لە دەرگام دەدرا، دەرگام کردەوە، ژنێکی ئاوا سی ساڵی لە تەنیشت دەرگاکەوە خۆی دابووە پاڵ دیوارەکەوە، سەرپۆشێکی سپی بەسەر دادابوو، زوڵفە شێواوەکانی لەژێر سەرپۆشەکەیەوە لایەکی گۆناکانی داپۆشیبوون، وەک ناسیاوێک و لەمەوبەر گفتوگۆمان لە نێواندا بووبێت، زۆر بە ئاسایی پرسی:

"ئەرێ لوقمان بۆ نەهاتووەتەوە، کە لە ماڵ دەرچوو، وتی زۆرم پێ ناچێت، دوو سێ مانگە سۆراخی نییە؟

بیرمە، ئەو کاتە بە زمانێکی شیرین وتم:

"من لێرە تەنیام، تازە هاتووم و ئاگام لە هیچ نییە"

"ئا، قەینا، بەڵام کە بینیت پێی بێژە دایکت چاوەڕێت دەکات!"

بێ ئەوەی هیچی کە بڵێ، ناوی خۆی بڵێت، یان لە کوێ دادەنیشێت دوورکەوتەوە، لەبەر خۆمەوە وتم: یەکێ ئازیزێکی لێ ون بێت، هۆش و فیکریشی لەدەست دەدات.

دواتر، درەنگ بەڕێکەوت لە کۆڵانەکەی پشتەوە دەمدیت، بەڵام بە ڕواڵەت سەر و ڕوخسار و جلوبەرگی ئەو ڕۆژەی نەبوو، بزەیەکی سەرسوڕهێنەری لەسەر لێو بوو بە کراسێکی شڕی بێ ڕەنگەوە بە پابووجێکی لاستیکەوە دەگەڕا، ڕەنگی سەوزێکی مەیلەو زەرد دەیڕوانی.

لە کەسی دیکەم گوێ لێ نەبوو بڵێ لە دەرگامانی داوە و پرسیاری لوقمانی کردبێت.

جار جارەش دەمدیت بە تەنیا دانیشتووە و چاوی لە دوور بڕیوە، ماوەیەکی زۆر نەمدییەوە، وتم بەڵکو لوقمان

هاتبێتەوە.
بەڵام ئەم ئێوارەیەش، دوای ئەوەندە ساڵە، هەمدیس ئێوارەیەکی درەنگ لە دەرگا درا، بە هەمان ڕیتمی دەرگا لێدانەکەی ئەو ئێوارەیەی زوو، ئەم جارەیان چاوی لە چاوم بڕی، موکرتر پرسی: ئەرێ لوقمان بۆ نەهاتەوە؟!
زۆری پێ چوو سۆراخی نییە!!!
ئەم جارەیان نەمگوت نازانم، خۆشم نازانم بۆ وام کرد.. وتم بەڵێ، هاتووەتەوە، لەم دیوەوە دەرگاکەم ترازاند تا بێتە ژوورەوە، کەمێ وەستا، دوو دڵ بوو، تا ویستی بگەڕێتەوە، کەمێکی تر وەستا، لە پڕ هاتە ژوورەوە، بەڵام شپرزەیی و پەشۆکاوی پێوە دیار بوو، ئێستا بانگی دەکەم من ئەم وازیبیەی بۆ لەگەڵدا دەکەم!
ڕێگام پیشان دا، لە قەراغی قەنەفەکە دانیشت وەک خۆی بۆ هەڵاتن ئامادە کردبێت وا بوو، بۆ هێورکردنەوەی وتم: "چی دەخۆیتەوە؟"
"ئاو"
بادەیە ئاوم بۆ هێنا، بە دەستی لەرزۆکەوە مژێکی لە ئاوەکە دا، چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا، لە شتەکانی ناو ژوورەکە و تابلۆی قەد دیوارەکان ورد دەبووەوە، لە پڕ وتی: ژوورەکەت وەک جاران نییە، گۆڕاوە!
پرسیاری دایکمی کرد، وتم ئەویش لێرە نییە، دوورە.
وتی: باشە لوقمان لە کوێیە بۆ نایەت؟!
وتم: لەو بانە خەوتووە... کەمێکی کە بە ئاگا دێت.
وتی: ماندووە، با بخەوێت، پێی بڵێ دایکت چاوەڕێت دەکات، هەستاو گورج لە ژوورەکە دەرچوو، پێیدا ڕانەدەگەیشتم تا دەرگاکەی بۆ بکەمەوە.
حەوشە تاریک بوو، گوێم لە پێوەدانی دەرگاکە بوو.

### سەردانێکی کارێزە وشکە

ئەم جارەش تاسەی ئەو خوارە هەڵیگرتم، نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتمە پایین ئەو ئاواییەی سەردەمی منداڵیم تێدا بەسەر برد:
هێشتا چۆڵە، بۆ خانووە رووخاوەکانی ئەم بەر و ئەو بەری ڕێگاکە دەمڕوانی، لەبەر خۆمەوە ئاوام گوت، وەک زەڵە زەڵ و دەنگە دەنگێکم بەر گوێ کەوت:
"دیارە هەندێک لە ماڵان گەڕاونەتەوە...".
لە خۆم دەپرسم، ئەوە بۆ ئەوەندە تاسەی ئەم دەشتە کاکی بە کاکییە دەکەم؟ هەر خۆم پاساو بۆ ماندووبوون و هاتنەکەم دێنمەوە:
"هەر نەبێ ئەو کۆڵان و دەشتودەرە بەسەر دەکەمەوە کە ڕۆژانی منداڵی خۆمم بیر دەهێنێتەوە، دەبا سەرێکی کارێزە وشکەش بدەم، کە دنیایەک بیرەوەریم لە قەراغیدا بەجێ هێشتووە."
جاران ئاوێکی زوڵاڵی ئەم کارێزە وشکە "نازانم بۆ ئەو ناوەیان لێ ناوە" ئەم دەشتەی ئاوەدان کردبووەوە.
لە دوورەوە تارماییەکم لەسەر کارێزەکە بینی، کە نزیک بوومەوە ناسیمەوە. هەر یەک دوو هەنگاوێکم مابوو بیگەمێ، وەک چاوەڕێی منی بێت:
"ئەرێ تۆش وەک من کە ئەم کۆترانە دەچنە ئاسمان و باڵ بە یەکدا دەدەن و تەقڵە لێ دەدەن، هەست بە خۆشی دەکەیت؟ هەناسەت سوار دەبێت؟.
کە دەچنە ئاسمان، لەو ئاسمانە ڕادەوەستن، هەناسەم سوار دەبێت، لاجانگم پل دەدات، دڵم ترپە ترپی پێ دەکەوێت، سەرم سوڕ دەخوات، هەست دەکەم وا منیش پێم لە زەوی دەبڕێت و خەریکە منیش بفڕم، کە قسە دەکات تەماشای من ناکات، چاوی لە کۆترەکانە، دەمەوێت منیش بڕۆم لەو بانەوە، لەو ئاسمانە، تەماشای ڕێگاکان بکەم بزانم بۆ نەهاتنەوە، کۆترەکان دەڵێن ئێمە دەچین خەڵکی ئاواییەکە دەبینین و دەگەڕێینەوە، کۆترەکان دەڵێن گەلێ دوورن.
وتم: "سەردەمانێک منیش وەک تۆ فڕینی کۆترەکان ئەو هەستەیان پێ دەبەخشیم، بەڵام ئێستا نا."
"هەر وەک منت لێ دەهات؟"
"کتومت وەک تۆ، بەڵام تەنیا بۆ کۆتر نا، فڕینی پەڕەسێلکە و تیتلەکناچەو پاساری کلک تەقێنەش ئەو هەستە دایدەگرتم".
" نا، کاکە، ئەوانە وەک کۆتر نین، کە دەڕۆن ناگەڕێنەوە و قەتیش هەواڵی خۆشیان بۆ نەهێناوم."
کەمێک بێ دەنگ بوو، بیری ڕۆیشت، دواجار وتی:
"ئەوانەی تۆ ناوت هێنان، وەک گوللە بەسەر سەرتا تێدەپەڕن، کۆترەکان، لەو بانە ڕادەوەستن تەماشای دوور دەکەن، دوور دوور ئێمە نایبینین."
پێکەنیم، وتم ناوت چییە؟
"حەسەن".
زانیم کوڕی کێیە، حەسەن، دە، دوازدە ساڵان بوو، خێزانەکەیان لەگەڵ خەڵکی گوندەکەدا سەرگوم کران،

کەس نازانێ ئەم چۆن بەرنەکەوت.
بەڵام وا ئێستا هۆشی لە دەست داوە و تێکچووە، کەسی نەدەناسییەوە.
وتم باشە ئەم کۆترانە کەی هەڵدەفڕن و لەو ئاسمانە تەماشای دوور دوور بکەن و هەواڵێکی خۆشمان بۆ دێنن؟
وتی: "ئەمەیان نازانم، هەندێک جار هەروا بۆ ماوەیەکی زۆر دەگمێنن و هەڵنافڕن، هەندێک جار لەو ئاسمانە دەمەوێ بێنە خوارو بنیشنەوە، نایەن، بۆ هەڵنانیشن؟"
نەمزانی بڵێم چی، وتم: "بە منتە؟"
"ئەی کەسی تر لەم ناوە هەیە؟"
پرسیارەکەت چی بوو؟
"ئا، لەبیرم چوو، هیچ..."
وتم، ئەو چاکتر.
وتی: "چی ئەو چاکتر؟"، نەیهێشت وەڵام بدەمەوە:
"دەزانی من زۆر هەست بە خۆشی دەکەم، کە دەچنە ئاسمان و لەو بانە ڕادەوەستن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەترسم."
لە چی دەترسیت؟.
"دەترسم هەر من هەست بەمە بکەم، کەسی تر ئەمە نەزانێت."
وتم: نەخێر تەنیا تۆ وا نیت، لە تەمەنی تۆدا بووم، منیش هەستێکی ئاوام هەبوو.
"وەک ئەوەی وام وت؟"
کتومت وەک ئەوەی تۆ.
"من لای هەر کەسێک ئەم باسەم کردووە، سەرسام بووەو بزەیان دێ و تەماشام دەکەن و هیچ ناڵێن، ئەوە چەند ساڵە بۆ کەسم باس نەکردووە، بۆ تۆم باس کرد."
لە دڵی خۆمەوە وتم: کەسێکی باشت دەست کەوتووە، وتم: ئەوە بۆ هەڵنافڕن؟.
وتی: "با، هەڵدەفڕن، یەکێک لە دوورەوە ببینن هەڵدەفڕن."
دەستی گرتم، " دەبینی ئەوە دایکم و ئایشەی خوشکم هاتن، ئێستا هەڵدەفڕن"
چاوم گێڕا، لە دەشتە کاکی بە کاکییەکەدا کەسم نەدی، وتم: کێن ئەوانە وا بۆ ئێرە دێن؟
هیچم نەدیت وتم: "ئا، ئەو دوو ژنە."
وتی: "ئەوەی کراسە کریشەکەی لەبەرە ئایشێی خوشکمە، ئەوەی کەوای خامەکی لەبەرە دایکمە.!"
من نەکریشە لەبەرم دەدی، نە خامەک لەبەر، تەنیا پۆلی تیتلەکناچە، دەیان زریوان، دەنیشتنەوە و گورج هەڵدەفڕین.
وتم: من ڕێگایەکی دوورم لەبەرە، دەبێ بڕۆم، تۆ ماندووی.
"من ماندوو نیم، ئەوەی چاوەڕێی ئەم کۆترانە بکات ماندوو نابێت، وا خەریکە هەڵدەفڕن، چونکی ئەو دوو کەسەیان بینیوە ئێستا هەڵدەفڕن، وا ئایشە و دایکم بۆ دیتنی کۆترەکان دێن"
وتم: وا دێن دەیانبینم.!
لە پڕ هەستێکی سەیر دایگرتم: هەستم کرد نەک ئەم چەند کۆترە، بەڵکو هەزاران، ملیۆنان کۆتر وا بەری ئاسمان دەگرن و لەو ئاسمانەوە بۆ دوور دەڕوانن، وەک حەسەن وا خەریکە هەناسەم سوار دەبێت، سەرم بە گێژ دێت، دەستی گرتبووم، دەستمی بەردا:
"ئەرێ بۆ نەهاتن، بۆ کوێ ڕۆیشتن؟"
وتم: کەس نازانێت بۆ کوێ چوون کاکە حەسەن.
وتی: "تۆ دایکمت دەناسی؟"
وتم: "بەڵێ، بەڵام ئایشە منداڵ بوو، کە من لێرە نەمام."
"ئەویش تۆ دەناسێت، ڕەنگە تۆیان بینی، گەڕانەوە."
وتم: ڕەنگە وا بێت.
وتی: "باشە دەڕۆی، ماڵەکەمان لە پایین ئاواییە، لەوێ پشوویەک بدە ئەوجا بڕۆ."
بە پایین دیکەدا تێپەڕیم، خانووەکەیان، هەر یەک دوو دیواری بە پاوە مابوون.

**٢٠١٧**